## بانگەوازێک بۆ کوردانی باشوری کوردستان لە فینلەندا

# شەهید بە خوێنی پاراستی وەتەن

# ئێمە بە دەنگێک ،شەرمە گەر نەیدەین

**خوشکان و برایانی هاوزمان و هاوچارەنوس !!**

**ئەمڕۆ لەم قۆناغە ناسک و هەستیارەدا ، کە گەلەکەمان و ئایندەمان روبەڕوی بونەتەوە ، پێویستی سەر هەر تاکێکی ئێمەیە کە دەنگ و ڕەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی گەلەکەمان و لە یەک سەنگەرەوە ڕوبەڕوی هەموو ئەوانە ببینەوە کە ویستویانە و دەیانەوێت یاری بە چارەنوسی گەلەکەمان بکەن .**

**ئەمڕۆ ئەی خوشک و برای دەنگدەر دەبێت هەمومان ئەو ڕاستیە بزانین کە دەنگەکانی ئێمەیە چارەنوسی گەلەکەمانی پێ لە مەحەک دەدرێت .**

**بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەردەم زەوت کردنی مافەکانمان و گەمە کردن بە چارەنوس و بڕیاردان لە سەر قەتڵ و عام و جینۆساید و وێرانکردنمان بگرین ، پێویستە هەمومان بە گیانێکی نەتەوایەتیەوە ڕوو لە بنکەکانی دەنگ دان بکەین و دەنگ بۆ نوێنەرایەتی گەلەکەمان کە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی ژمارە 730 یە بدەین .**

**ئێستا گەلی کورد لە باشوری وڵات پیی نێوەتە نێو قۆناخێکی نوێ و جۆرێکی تری خەبات ، کە ئەویش خەباتی سیاسی و دیبلۆماسیە و هەنگاو بە هەنگاو زێتر لە هێنانەدی خەونەکانمان نزیک و نزیکترمان دەکاتەوە .**

**بەشداری کردنی هەر تاکێکی ئێمە لە دەنگدانەکانی ئەمساڵ ، بەشداری کردنە لە دانانی بەردی بناغەی نیشتیمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختەوەر و سەرفراز . دەنگەکانی ئێوەی دڵسۆز بۆ گەل و خاک ، بەشداریکردنە لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسینی گەلەکەتان ، دەنگەکانی ئێوەیە کە کوردستانی بونی کەرکوک مسۆگەر دەکات و شارە تا ئێستا تەعریبکراوەکانیش دەگەڕێنێتەوە ئامێزی گەرمی کوردستانی نیشتیمان و دایک !!**

**دەنگەکانی ئێوەیە کە ڕێژە و پیگەی بونی نوێنەرانمان لە هەرەمی دەسەڵات و ئەنجومەنی نیشتیمانی و ئەنجومەنی وەزیران زیاد و مسۆگەر و تۆکمە تر دەکات ، مسۆگەر کردنی ئەمانە ، دڵنیامان دەکاتەوە لە بە سەر چونی خەونە نەزۆکەکانی ئەو جەنەڕاڵ و پیاو کوژانەی کە شۆڤێنیانە حوکمی قەرەقوشیان دەگێڕا کە ناتوانن جارێکی تر لە هەرەمی دەسەڵاتەوە جاڕ لە سەر قڕ کردن و بڕیاری لە سەر سوتماک و خاپور کردنمان بدەن !**

**ئەمساڵ هەمومان ئاگاداری مەسەلەکانی ناوەوەی عێراق و لێک نزیک بونەوەی لایەنەکانی بەرامبەرمان هەین کە بە حەماس و گیانێکی نەتەوایەتیەوە خۆ بۆ کێبڕکیی ئەمساڵی هەڵبژاردنەکان ئامادە و ساز دەکەن ، بۆیە لە سەر ئێمەش پێویستە ئەمساڵ بە گیانێکی زیاتر برایانە و گەرم و گوڕتر و دڵسۆزانە تر ڕوو لە بنکەکانی دەنگدان بکەین و بێ سێ و دوو و بێ سڵەمینەوە دەنگ بە لیستی ( 730 ) لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بدەین . ئەمە لە مەحەک دانی چارەنوسی گەلێکە نەک حیزب و لایەن و گروپ و تاکێک !!**

**دەنگی ئێوەیە کە دوژمنانی گەل بە چۆکدا دەهێنێت و سنور بۆ ڕەفتار و گوتاریان دادەنێت و ڕێگە لە هەموو مەرام و پلانێکی دوژمنان دەگرێت و ئاڵای بەرزی کوردستانەکەمان بەرز و بەرز و پیرۆز ڕادەگرێت ،**

**بۆیە ئەرکێکی مێژویی و نەتەوایەتیە و پێویستە لە سەرمان دەنگ بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ژمارە ( 730 ) بدەین و هەریەکەمان لای خۆیەوە دەرو دراوسێ هاوخوێنەکانمان ئاگادار بکاتەوە و گرینگی هەڵبژاردنی ئەمساڵیان بۆ ڕون بکەنەوە**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## لیستی ناوی ئەندامانی لیژنەی‌ئامادەکاری هەڵبژاردن لە فینلەندا

.........................................................

**هێلسنکی و ڤانتا**

1 / سیروان حەسەن عومەر 0503644259

2 / عوسمان عەلی 0405543429

3 / مام حوسێن 0456521121



4/ سەباح عەباس 0409100457

5 / شاکر ئەتروشی 0405152052

**ئێسپۆ**

1 / مەهدی خالید 0407217596

2 / تاریق خالید 0443336203

3 / ڕێبوار موعین 0503369991

**تامپەرە**

1 / عبدوڵا زراری 0400971783

2 / عەبدولکەریم ( عەول ) 0409103816

3 / نەبیل محەمەد 0400744881

**تامیساری**

1 / شاخەوان عابد 0405799714

2 / مام زایر 0415491880

**لەهتی**

1 / عەبدولقادر 0415046567

2 / سیروان محەمەد 0407663772

**تورکۆ**

1 / عوسمانی ڕابە 022482778

2 / دلۆڤان 0409122709

هەروەها دەتوانن پەیوەندی بە کاک ( سەرچڵ فەرهاد ) لە باڵیۆزخانەی عێراقی فیدرال لە فینلەند بکەن کە ئەمە ژمارەی تەلەفۆنەکەیەتی 0468112959 یان 0968188722

**لیژنەی ئامادەکاری و سەرپەرشتی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی ژمارە ( 730 )**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com